# هەڵخستنی کتێب: عومەر و شیعەگەرایی

**حەکیم کاکەوەیس**

عومەر و شیعەگەرایی _ دوانەی دابڕان و هاوپشکی، کتێبێکی 327 لاپەڕەیی قەبارە گەورەی حەسەن عەلەوەییە، کە )دارالزورا (ی لەندەن، ساڵی 2007 چاپی کردووە و لە کتێبخانەکانی هەولێر، بە شێوەیەکی بەرفراوان دەفرۆشرا. منیش، کە خوێنەرێکی بەردەوامی کتێبم، سەرنجم چووە سەری و کڕیم و هەر زوو خوێندمەوە، بەڵام بە هۆی سەرقاڵییەوە نەپەرژامە سەر ئەوەی ڕای خۆم لەو بە بەعسیکردنەی عومەری کوڕی خەتاب، خەلیفەی دووەم دەربڕم، ئەگەرچی جاروبارێکیش بەو شوێنانەی کتێبەکەدا دەچوومەوە کە نیشانەم کردبوون و داخم لێ دەخوارد. بەڵام ئەگەر بە کورتیش بێ و درەنگیش بێ بەدەنگهاتنم بە باشتر زانی. وەک ئەوروپاییەکان دەڵێن: درەنگ لە هەرگزی باشترە!

حەسەن عەلەوی شیعەی کۆنە بەعسی و هاودەمی سەددام و دواتر بەرهەڵستکاری سەددام، بۆ ئاشتەوایی نێوان سوننە و شیعەی عارەبی عیراق و لە پێناوی بەعارەبکردنی ئێستا و ڕابردوو و داهاتووی عیراقدا، لەو کتێبەیدا هانای بۆ عومەر بردووە و زۆری نەماوە بیکاتە عارەبی شۆڤێنی و تەنانەت بەعسیش. منیش وەک کوردێک کە ڕەگم بۆ ئەو کوردانە دەگەڕێتەوە کە لە فتووحاتی سەردەمی عومەردا کارەساتی زۆریان بە سەردا هاتووە و بۆ عارەب و حەسەن عەلەوی مایەی سەروەرین، نەمتوانی لەو کتێبە بە دەنگ نەیەم و وەک بابەتێکی هەستیار نەیخەمە بەر دەستی خوێنەران. با هیچ نەبێ بزانین هاوسەنگەری کێین و لەگەڵ کێدا لەو عیراقی ئەنفال و خوێنەدا خۆمان بە هاوبەش دەزانین!

لە لاپەڕە 12ی کتێبەکەدا، حەسەن عەلەوی گلەیی لەو عارەبە سوننانە دەکا کە شیعە بە عەجەم لە قەڵەم دەدەن و دەڵێ: "لە (شیعە و دەوڵەتی قەومی)دا باسی بە عەجەم کردنی شیعەمان کرد کە عارەب بەرانبەر بە ناعارەب دەکاتە کەمایەتی و ڕەتکردنەوەمان بۆ بەعەجەمکردنی شیعە، لەو خواستەوەیە کە بوونی عارەبێتی عیراق پارێزراو بێ". ئەم دەربڕینە ئەوە دەگەیەنێ کە عارەب لە عیراقدا، بەرانبەر ناعارەبی عیراق (کە کوردە) لە مەترسی ئەوەدان ببنە کەمینە... ئەمە، خۆی لە خۆیدا دەربڕینی ناڕەزاییە بەرانبەر ئەو پێکهاتنە فشوفۆڵەی ئێستای نێوان کورد و شیعەکانی عیراق، کە تا ڕادەیەک عارەبی سوننەی پەراوێز کردووە و کردوویەتی بە کەمینەکی تیرۆرست، ئەگەرچی وەک هەموو ڕێکەوتنێکی نێوان کورد و عارەب، کڵاویش نراوەتە سەر کورد. بە لای عەلەوییەوە، نابێ پێناسەی عیراق جگە لە عارەبی، هیچی تر بێ و هەوڵی ئاشتەواییشی لە نێوان شیعە و سوننەی عیراقدا هەر بۆ ئەو مەبەستەیە... لە بری پێکهاتنی بەرەیی نێوان کورد و شیعە، با پێکهاتنێک بێ لە نێوان شیعەی عارەب و سوننەی عارەبدا. واتە گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە عارەب بڕیاردەر بێ بۆ ئەنفالکردن یا نەکردنی کورد. بە ئاشکراش دیارە دەربڕینەکەی عەلەوی، لە پێناوی عارەبایەتی عیراقدایە نەک هەستی نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی و دڵسووتان بۆ ئەو لافاوە خوێنانەی کە لە پێناوی بە عارەبی هێشتنەوەی عیراقی هەڕەمە و نادەوڵەتدا ڕژان.

ڕاستە کتێبەکەی عەلەوی زانیاری دەگمەن و نایابی تێدان و من بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی دەکەم بۆ ئەو ڕاستگۆییەی و بۆ ئەوەش کە بە یەک وشەش ناوی کوردی نەهێناوە ئاخۆ سەر بە عیراقن یا نا. لە لاپەڕە 20 کتێبەکەشیدا دەڵێ: "پێداویستی ئەممە بە هەندێ عومەر، بەرەو عومەر پاڵم دەنێ"

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمڕۆ ئەممەی عارەبی پێویستی بە کەسانێکی وەک عومەر هەیە بۆیە بەرەو باسکردنی کەسایەتی عومەر بایداوەتەوە، دەنا عومەر لە ئاینزای ئەودا شتێکی وا نییە ئاوڕی خێری لێ بدرێتەوە... بە عومەرێکیشەوە ناوەستێ و چەند

عومەرێکی گەرەکە. سەددام دەیویست جێی عومەر بگرێتەوە و نەیتوانی، ئێستا عەلەوی بە دووی یەکێکی وەک ئەو دووەدا وێڵە تا عارەبایەتی عیراق پارێزراو بێ، با ژنی ناعارەبیش تالآن بکا. بۆ پێداهەڵدانی عومەریش، بزانە عەلەوی چ دەڵێ:

لە لاپەڕە 94دا دەڵێ: "مەسیحیەکانی بەنی تەغلوب سوور بوون لە سەر نەدانی جزیە چونکە جزیەدانیان بە سەرشۆڕی و سووکایەتیی دەزانی". دوای کەمێکی دی لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: "بەنی تەغلوب عارەب بوون و عومەریش بایەخی بە (عیزز)ی عارەب دەدا" واتە بەنی تەغلوب وازیان لە جزیەدان هێنا و عومەریش بەوە ڕازیی بوو. ئەدی ناعارەب (عیزز) و کەرامەتیان نەبوو تا عومەر بیانپارێزێ یا ئیسلام ئاینێکی عارەبی بوو و هەر بۆ عارەب بوو؟ بە پێی قسەکانی ئیبن خەلدوون، لە پێشەکیە بەناوبانگەکەیدا، ئەو هەموو جزییەی کە لە دەڤەری کوردان وەرگیراوە، بە هەموو ناوچە ناکوردەکان ئەوەندەیان لێ نەسەندراوە. واتە، ئەگەر جزیەدان سووکایەتی بووبێ، زۆرترین سووکایەتیی، چ لە سەردەمی عومەردا و چ دواتر لە سەردەمی ئومەوییەکان و عەبباسییەکاندا، بە ئێمە کراوە و بەر ئێمە کەوتووە.

لە لاپەڕە 128دا دەڵێ: "هەرچی کچە سەبیکراوێکی عارەب هەبوو، گێڕدرانەوە بۆ قەبیلەکانی خۆیان و بۆ یەکەم جار سەبیکردنی کچە عارەب بە ناجایز دانرا"

لە لاپەڕە 209شدا دەڵێ: "یەکەم بڕیاری عومەر لە یەکەم ڕۆژی خەلیفایەتیدا ئەوە بوو ڕێ لە سەبیکردنی عارەب بگرێ و ژنەکانیان ئازاد بکا، ئەگەرچی سەر بە هەڵگەڕاوەکانیش بووبێتن"

ئەوەتا عەلەوی گەرەکێتی عومەر بکاتە سەرکردەیەکی قەومی، کە زۆر مەبەستی پاراستنی شەرەف و کەرامەتی عارەب بووە و کەرامەتی ناعارەبیش، با موسوڵمانیش بووبێتن، بە پێی نووسینەکەی عەلەوی چ حسێبێکی بۆ نەکراوە. بۆچی کیژی ناعارەب سەبی بکرێ و هی عارەب نەکرێ؟ خۆ ڕەنگە بە پێی یاساکانی ئەوسای ئیسلام، کورد و فارس و هەموو ناعارەبێکی ژێر دەسەڵآتی عارەب وەک موڵکی خۆیان حسێبیان بۆ کرابێ بۆیە ئومەوییەکان هەزاران کەنیشکە کوردیان تالآن کرد و تەنانەت سەددامیش ئەو کارەی ئەنجام دا و کیژی کوردی فرۆشت، جگە لەوانەی کە لە سەردەمی عومەر خۆیدا، لە جەلەولا بە تالآن چوون. تۆ بڵێی بە پێی شەرعیان لەگەڵدا کردبێن و بەخۆمان نەزانین!

زاراوەی سەیر و سەمەرەی ئەو زمانەی کە عەلەوی بەکاری هێناوە، سەرنج ڕادەکێشن: متعرب، مستعرب، شعوبی، موالی... و زۆری دی. ئەو وشانە، پەیوەندییان بە موسوڵمانی ناعارەبەوە هەیە و دیارە کوردیش دەگرنەوە. متعرب، بە کەسێک دەگوترێ کە عارەب نەبێ و عارەبی زۆر خۆش بوێ. مستعرب ناعارەبێکە کە بووبێتە عارەب. شعوبی ئەو ناعارەبەیە کە بووبێتە موسوڵمان و پێی وا نەبێ عارەب لە هەموو میللەتانی دی مەزنترە. موالیش، ئەو ناعارەبەیە کە بووبێتە موسوڵمان و مافی سوارەیی و ئیمامەتی و سەرۆکایەتی و سەرلەشکریی نییە، واتە جاش موسوڵمان، نەک موسوڵمانی تەواو. لە زاراوەکانیش سەیرتر ئەوەیە عەلەوی باوەڕی بەو قسانە هەیە. خۆ عەلەوی، بەو هەموو ناو و ناوبانگەیەوە، هەر قسەکانی خەیروڵآ تولفاح دووپات دەکاتەوە!

بۆچی دەبێ عارەب لە میللەتان بە گەورەتر بزانم؟ بە چییانەوە گەورەن؟ بە وەئد و خۆراکی (عیلهین)یانەوە گەورەن، یا بەو پاشکۆییەیانەوە بۆ ڕاست و چەپی دنیا؟ ئەو کاتەی ئەوان لە سەر بتی دروستکراوی دەستی خۆیان، دژی یەکتر لە کەڕ و فەڕدا بوون، کورد زەردەشتی بوون و خوای تاک و تەنهایان دەپەرست. ئەگەر عارەب لە میللەتانی دی بە گەورەتر نەزانم، شعووبیم؟ چەند سەربەرزم کە شعووبیم! نەخێر قەت عارەب لە کورد بەرزتر نییە و هەرگیز ڕازی نابم موالی حەسەن عەلەوی بەعسی بم، کە سووکایەتیم پێ دەکا. بەڵآم داخەکەم، من با هەر شعوبی بم، زۆرینەی کورد، بە ڕووناکبیر و پایەدارەکانیشەوە، ئەگەر موستەعرەبیش نەبن، موعەڕەبن! ئەم هەستی خۆ بەگەورە زانینە و (عەجەمی) بە کەم زانینە، ئێستاش لە ناو عارەبدا، وەک سەردەمە کۆنەکان ماوە. فارسەکان ئەوەیان قەبووڵ نییە، بەڵآم کورد، ئێستاش لە بنەبانی ناخەوە ئەو سووکایەتییە قەبووڵ

دەكەن، بۆیە نە ئەنفال كاریان تێ دەكا و نە بەتاڵانبردنی ژنان... كورد خۆی بە موالییان دەزانێ و بەوەش قایلە.

لە لاپەڕە 136دا، عومەر بە بنیاتنەری عیراق، وەک یەکەم دەوڵەتی عارەبی دادەنێ و دەڵێ: "عومەر كارێكی وای كرد بەسرای نوقوومبوو و كوفەی چۆڵكراو و بەغدای نەناسراو وا لێ بكا قەبیلە عارەبییە گەورەكان بۆ لای خۆیان ڕاكێشن. مەزەرییەكان لە بەسرا گیرسانەوە و یەمەنییەكانیش لە كوفە و بەوەش عیراق شێوازی عارەبێتی ئێستای خۆی وەرگرت. كوفە، هەتا سەدەی دوومی كۆچی نەبووە عیراقی. عیراقییەكان حوسێنیان نەكوشت چونكە كوفەییەكان عیراقی نەبوون"

ئەگەر بەسرا و كوفە خاكی عارەب نەبووبێتن، كوێی عیراق عارەبییە؟. نا، عارەبی نەبووە و عومەر كردوویەتی بە خاكی عارەب بۆیە عەلەوی هانای بۆ دەبا و سۆزی عارەب بۆ ئەو تەعریبە ڕادەكێشێ، بەو هیوایەی شیعە و سوننە، لە سەر سفرەی عارەبچێتی عومەردا پێک بگەیەنێتەوە و وەک لە سەردەمی عومەردا كوفەیان تەعریب كرد و لە سەردەمی سەددامدا كەركووكیان تەعریب كرد، لە سەردەمی حەسەن عەلەویشدا، هەولێر و سلێمانی تەعریب بكەن و دەروونی كوردیش بۆ تەعریب ئامادەیە!

عەلەوی مافی خۆیەتی ئەو هەوڵە بدا، بەڵام ئێمەی كورد چ گوێرەكەیەكمان لە گاگەلی ئەواندا هەیە وا بە داو دوو دەستە لە هەوڵی ئەوەداین ئاشتیان بكەینەوە و بۆ ئەنفالكردنی خۆمان دەوڵەت و لەشكریان بۆ دروست بكەینەوە. من دڵنیام ئەگەر كورد نەخشەی عیراق، بە شێوەیەک لە شێوەكان، بخاتە مەترسییەوە، دە حەسەن عەلەوی پەیدا دەبن و دوور نییە عومەرمان بۆ بكەن بە كورد تا لە داوای خۆمان ژیوان ببینەوە، ئەوجا دێنەوە سەروپۆتەڵاكمان! ئەمانە چ چاوڕوویەكیان هەیە و ئێمە كەی عاقڵ دەبین و كلكی جاشایەتیمان بە تەڵەیانەوە نابێ!

هادی عەلەوی برای ئەم حەسەنە، لە كارەساتی هەڵەبجەدا دەسبەرداری پێناسەی عارەبایەتی خۆی بوو، كەچی ئەم برا بەعسییەی، لە چەندین جێی كتێبەكەیدا باسی دەكا، بەڵام باسی ئەو هاشاكردنەی نەكردووە. خۆشبەختانە دەڵێن ئەو هادییەش لەو قسانەی خۆی ژیوان بووەوە! كە دەڵێم خۆشبەختانە، بۆ ئەوەمە بە یەک چاو، لە بابەوە بۆ میحراب، بە مەشعان جبووریشەوە، سەیری هەموویان بكەین!

لە لاپەڕە 303ی كتێبەكەدا دەڵێ: "بكوژی ڕاستەقینەی عومەر فەیروز ئەبو لوئلوئەی مەجووسی، كۆیلەی موغیرەی كوڕی شەعبە بوو، ئامێری كوشتنەكەش خەنجەرێكی ژەهراوی دوودەم بوو كە دەسكەكەی لە ناوەڕاستەوە بوو" ئەوجا دەڵێ: "هۆی كوشتنەكە تۆڵەسەندنەوەی تێكشكانی لەشكری فارس و ڕفاندنی كچەكانیان بوو لە لایەن سەربازەكانی عومەرەوە!"

حەسەن عەلەوی كوشتنەكەی عومەری زۆر لە بەر گرانە، بەڵام بە لایەوە ئاساییە لەشكرەكەی عومەر كچە فارسەكانیان تاڵا كردبێ! ئەوەشی بە لاوە ئاسایی نییە فارسێک كە كچانی میللەتەكەی تاڵان كراوون، خوێنی بێتە جۆش و تۆڵە بكاتەوە! تەنانەت عەلەوی منەتی ئەوەش دەكا كە عومەر سەری ئەبولوئلوئەی نەپەڕاندۆتە بەر پێی خۆی و بەوە چاكەی لەگەڵدا كردووە. ئا ئەوەیە كێشەی هەرە گەورەی عەرەب، كە كورد تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووە و لێی ورد نەبۆتەوە... عارەب مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن ماڵی خەڵكی فەرهوود بكەن و كیژی خەڵک بفرێنن و ئاڵووێری پێوە بكەن، چونكە عارەبن! عارەب نەبوونایە ئەو مافەیان نەدەبوو و ئەو مافەش بە كەسی تر نادەن. هەر ئەو هۆیە وای لە عارەب كردووە، بە لایانەوە گران بێ دەست لە بستێ خاكی كورد بەردەن كە تەعریبیان كردووە و گەورەكانی حەسەن عەلەویش، هەر وەک خۆی، بە لایانەوە گرانە. ئەوانێک كە خاوەنی خۆمان بن، بۆچی خاكەكەمان هی ئەوان نەبێ! ئێمەش كە قەبووڵمان بێ موالییان بین و ئەوان خاوەنمان بن، بۆچی قەبووڵمان نەبێ خاوەنی خاكەكەشمان بن؟ بۆ قەبووڵمان نەبێ خاوەنی كیژەكانیشمان بن و بۆ بە مەلهای میسر نەیانفرۆشن یا بە دیاری نەیاندەنە شێخە عارەبەكان؟

بەر لە باسی كوشتنی عومەر و لە لاپەڕە 216دا دەڵێ: "كتێبی (افحام الفحول)م هەڵگرت و چوومە لای لێپرسراوێكی زۆر گەورە لە

کۆماری ئیسلامی ئێران کە فەقێیەکی هاوکاری جەنابی ئیمام خامنەئی بوو. باسی ئەوەم کرد کە کۆماری ئیسلامی لە بڵاوکردنەوەی هەڵوێست و کتێبی وادا بەرپرسیارە، کە ڕیزەکانی موسوڵمانان لێک دادەبڕێ. بە لامەوە سەیر بوو زانایەکی ئاینی موسوڵمانی گەورە ڕەحمەت بۆ پیاوکوژێکی مەجووسی وەکو ئەبوو لوئلوئە دەنێرێ" ئەوجا، دوای ئەوە دەڵێ: "لێم پرسی: کەواتە ڕاستە گۆڕی ئەبو لوئلوئە، کە بە لای منەوە خزێندراوەتە ناو ئێرانییەکانەوە، هەیە و ئێرانییەکان دەچنە زیارەتی؟ لێپرسراوەکە گوتی: بەڵێ" هەی ئافەرین بۆ ئەو بەڵێیە. نازانم چۆن تا ئێستا ڕێکخراوێکی فارسی دروست نەبووە ئەو خەنجەرە دوودەمەی ئەبو لوئلوئە بکاتە ئارمی خۆی!

دەڵێن عەبدوڵای کوڕی عومەر ئەبولوئلوئەی کوشتووە و ڕێی تێ دەچێ هەر وابێ. بەڵام فارسەکان دەڵێن نەخێر، دوای کوشتنی عومەر ڕایکردووە و گەیشێتەوە وڵاتی خۆی. ئەگەر عەبدوڵا ئەبولوئلوئەی کوشتبێ و ئەوجا فارسەکان هەر لەو گۆڕە گۆڕێکیان بۆ دانابێ و زیارەتی بکەن، ئەوجا ڕێبازەکەیان بە لای منەوە گرنگتر دەبێ و دەیسەلمێنێ فارسەکان، بۆ بەرژەوەندی خۆیان چ میللەتێکن! ئەوان بە سەر مافی خۆیاندا باز نادەن با هەزار ئایەت و حەدیسیش ڕێیان لێ بگرێ!

ئەم هەڵوێستەی حەسەن ئەلعەلەوی و ئەو زانا دینییە ئێرانییە زۆر شتی نەزاندراومان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بە لای زاناکانی ئێرانەوە، ئەبوو لوئلوئە قارەمان بووە چونکە تۆڵەی شەرەفی ژنە ئێرانییەکانی کردۆتەوە و بە لای حەسەن عەلەویشەوە پیاوکوژ و مەجووسی بووە چونکە سەرکردەیەکی عارەبی کوشتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەردوو لایان، کار بۆ مەسەلەی قەومیی خۆیان دەکەن نەک ئاینی ئیسلام. ئەی ئێمە خەریکی چین؟ ئێمەش، بای بەرژەوەندی و ئارەزووی ئەوان دەمان با و دەمانهێنێ!

هەر لەو کتێبەدا، عەلەوی هەندێ داستانی فارسەکانیش دەگێڕێتەوە گوایە کچەکانی یەزدگورد بە دیل گیراون و یەکێکیان مێردی بە حوسێنی کوڕی عەلی کردووە. زانا ئاینییەکانی فارسیش، کە ڕەگی خۆیان بۆ ئەو دایکە شازادەیە و ئەو باوکە پێغەمبەرزادەیە دەگێڕنەوە، لێزانانە هاتوونەتە دەست و بۆ خۆپارێزی، داستانی باشیان داناوە: کەسێ لە ڕێی ئیمامی حوسێنەوە بچێتەوە سەر پێغەمبەری موسوڵمانان و لە ڕێی کیژی یەزدگوردەوە بچێتەوە سەر پاشاکانی ئێران، هەر دەبێ سوپەرمانێکی لێ دەرچێ و ئەوەتا زانا ئاینییەکانی ئێران، بوون بە سوپەرمانیش!

باوەڕ ناکەم یەک کەس لە لەشکرەکەی عومەر، هەر لە خۆیەوە بگرە کە خەلیفە بووە، تا دەگاتە بچووکترین سەربازی لەشکرەکەی، لە لای فارسەکان چ پیرۆزییەکی هەبێ، چونکە عارەب لوتی شکاندن و لە ماوەی سێ ڕۆژدا جەنگی قادسییە، بە سەرکەوتنی عارەب کۆتایی هات و ژن و سامانیان تاڵان کران. تەنانەت قەعقاعیش کە دوایی بووە لایەنگری عەلی، لای فارسەکان پووڵێک ناکا چونکە بەشداری لە فتووحاتی سەردەمی عومەردا کرد و ژنە (مەجووسی)ی تاڵان کرد. خۆ ئێمەی کوردیش هەمان بەزممان پێ کرا، کەچی نیوەی کورد ناویان عومەرە!! هەر لەبەر ئەوەشە ئاڵای بەعس ڕادەوەشێنین و خۆشحاڵی خۆمان بۆ بردنەوەی عیراق لە تۆپی پێدا دەردەبڕین و ئەنفالیشمان بیر دەچێتەوە.

حەسەن عەلەوی، بۆتە حەسەن عومەری و بەرگرییەکی وا لە عومەر دەکا، تاکە یەک پەڵەی لەوانە پێوە ناهێڵێ کە تا ئێستا شیعەکان باسیان کردووە. لە باسی وەدەرنانی جوولەکە و مەسیحی لە دوورگەی عارەبیدا، هاشا ناکا، بەڵام بیانوو دەدۆزێتەوە و دەڵێ گوایە دەوڵەتی تازەدامەزراوی ئەو دەمە و لەو بارودۆخەدا پێویستی بەوە بووە کە کۆمەڵگاکە هاوشێوە (متجانس) بێ. ئەو بیانووە، بۆ ئەوەم دەگێڕێتەوە کە بەعسییەکانیش بیانوویەکی لەو بابەتەیان لە سەردەمی شەڕی عیراق و ئێراندا، بۆ دەرپەڕاندنی کورد هەبوو و ئێستاش دەستیان بڕوا، بیانوویەکی وا دەدۆزنەوە و ئاوارەمان دەکەنەوە. دەربەدەرکردن و تاڵانکردن و کوشتن لە خوێنیاندایە و بەوە نییە ئەم حەسەن عومەرییە ڕۆشنبیرە یا پیرە.

لە باسی سووتاندنی کتێبەکانی ئەسکەندەرییەدا کە گوایە 700 هەزار کتێبی تێدابووە و بە فەرمانی عومەر هەمووی سووتێندراوە و

ماوەی شەش مانگ گەرماوی ئەسکەندەرییەیان پێ گەرم کراوە، گومانی هەیە و بەرپەرچ دەداتەوە. شیعەکان لە کتێبێکدا کە حەسەن عەلەوی لە لاپەڕە 239ی کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکا، گوتوویانە: "عومەری کوڕی خەتاب، لە بەشێکی زۆری دەسەڵات و بوونی خۆی، قەرزاری موونافیق و ئەعرابە بەکرێگیراوەکانە و حیزبەکەی لەوانە پێکهاتبوو و بەخۆشی سەرکردەی پەیماندەرانی دژی کەسوکاری موحەممەد بوو". بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆچوونی شیعەکانی ئێرانە و تەشەنەی کردووە. هۆیەکەشی هەستی ئێرانچێتی و ئارەزووی مانەوەیە، بەڵام عەلەوی بەرپەرچیان دەداتەوە. بە هەرحاڵ، عەلەوی گەرەکێتی مەزەبێکی تازە لە ڕیزەکانی شیعەی عیراق داتاشێ، کە عومەریش بە لایانەوە پیرۆز بێ تا خزمەتی عارەبایەتی بکا و بە هەمان نەفەسی سەددامەوە تێهەڵچێتەوە. هیوادارم سەرکەوتوو بێ تا جارێکی دی عارەبی عیراق ببنە دوو لەتەوە!

خوێندنەوەی ئەم کتێبەی حەسەن عەلەوی بۆ کورد زۆر پێویستە. خۆ هیچ نەبێ ئەوانەی نازانن ناعارەبی موسوڵمان لە دیدی عارەبێکی وەک حەسەن عەلەوییەوە چۆن تەماشا دەکرێ، خۆیان لە ناو ڕستەکانیدا، بە موالێتی و مەجووسێتی دەدۆزنەوە و دەزانن چ نرخێکیان هەیە. دەمێنێتەوە ئەوەی ئایا قەبووڵتە بەو چاوە سووکەوە تەماشا بکرێی یا قەبووڵت نییە؟. من بەش بەحاڵی خۆم، ئامادە نیم نەتەوەکەم لە هی ئەوان بە گچکەتر بزانم یا تاڵانکردنی کیژی کورد بە مافی عارەب بازانم... من شعوبیم و ئەبو موسلیم ڕێبەرمە!

هیوادارم، کوردی سەر بە ڕێبازی ئاینی سیاسی و ناسیاسی، چەند بەرپەرچی حەسەن عەلەوییان دایەوە، کە ئەرکی سەر شانیانە، هەر ئەوەندەش بەرپەچی من بدەنەوە، کە ئەرکی سەر شانیان نییە!

سەرنج: ئەم نووسینە لە ژمارەی 191ی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل)دا بلاَو کرایەوە بەڵام بە داخەوە، بە هۆی جیاوازی تەکنیکەوە هەڵەیەکی زۆری تێ کەوتووە، بۆیە پێم خۆش بوو جارێکی دی بلاَو بکرێتەوە.